## فەرماندەی دژەتیرۆر وەهاب هەڵەبجەیی و فەرماندەیی هێزەکانی حەوتا کۆبونەوە



بەڕێوەبەرایەتی گشتیی دژەتیرۆر و فەرماندەیی هێزەکانی حەوتا کۆبونەوە.

ئەمڕۆ یەکشەممە (15ی تشرینی یەکەمی 2023) ، وەهاب هەڵەبجەیی بەڕێوەبەری گشتی دژەتیرۆر و شاندی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی دژەتیرۆر، لەگەڵ مستەفا چاوڕەش فەرماندەی هێزەکانی 70 و لیوا عومەر ساڵح سەرۆکی دەستەی ئەرکانی هێزەکانی 70 کۆبوونەوە.

لە ڕاگەیندراوەکی دژەتیرۆر هاتووە، "لە کۆبونەوەکەدا، لەپاڵ تاوتوێکردنی پرسە ئەمنی و ڕووداو و گۆڕانکارییە سیاسییەکان، باس لە چڕکردنەوە و زیاترکردنی هەماهەنگی نێوان هێزی پێشمەرگە و هێزەکانی دژەتیرۆر کرا لەپێناو زامنکردنی ئارامی و ئاسایش و سەقامگیری هەرێمی کوردستان".

ئەمە جیا لەوەی پرسی ڕێکخستنەوە و یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و ئاستەنگ و کەسپەکانی بەردەمی لە کۆبونەوەکە تیشکیی خرایە سەر.